بەناوی خوای بەخشندەومیهرەبان

بەناوی گەلەوە

ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

ژمارەی بڕیار:٤٣

مێژووی بڕیار:١٩٩٢/١٢/٢٨

## «بڕیار»

بەپێی حوکمی برگەی(١) لە ماددەی(٥٦)ی یاسای ژمارە(١)ی ساڵی/١٩٩٢ ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ڕۆژی ١٩٩٢/١٢/٢٦دا ئەم بڕیارەی دا:-

١- ئەندامی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق مافی گرتنە دەست وهەڵگرتنی چەکێکی شەخسی(دەمانچەو تفەنگی ریزتەقێن ـ ئالی) یا هەردووکیانی هەیە.

٢- ناسنامەی ئەندام یا هەر باوەڕنامەیەکی ڕەسمی کەئەندامێتی یەکەی دەسەلمێنێ بە مۆڵەتی یاسایی بۆ بەکارهێنانی ئەو مافەی برگە(١)ی سەرەوە دادەنرێ.

٣- ئەندام بەنەمانی ئەندامێتییەکەی لەئەنجوومەندا ئەو مافەی نامێنێ.

٤- دەبێ وەزیرە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم بڕیارە جێبەجێ بکەن.

٥- ئەم بڕیارە لەڕۆژی دەرچوونییەوە کاری پێدەکرێ ولە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا بڵاودەکرێتەوە.

نەژاد احمد عزیز ئاغا

و/سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق